# ئەوانەی تەقەیان لەپاسەوانەکانی تاڵەبانی کرد تا ئێستا بێسەرو شوێنن

■ ئا: ئیحسان مەلا فوئاد

کەسوکاری ٣ گەنجی کفری باسی لەوەدەکەن کە ماوەی (٦) ساڵە کوڕەکانیان "لەلایەن حکومەتەوە بێسەروشوێن کراون". لەبەرامبەر ئەمەدا بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش، حاکم قادر بێئاگایی خۆی لەو رووداوە پیشانداو دەڵێت "چونکە ئەو رووداوە لەسەردەمی مندا نەبووە".

ئەو لە کاتێکدا ماوەیەک لەمەوبەر حاکم قادر لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا رایگەیاند کە هیچ زیندانییەکی نهێنییان نییە، داواشی لە رۆژنامەنوسان کرد کە دەتوانن هەموو زیندانیو زیندانەکان ببینن.

لە ساڵی ٢٠٠٣داو لەگەرمەی جەنگی ئەمەریکا- عێراقو لەو کاتەی کە زۆرێک لەپارێزگاکانی عێراق کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانان، رۆژانە هێزی پێشمەرگە بە قافڵەو گرووپ گرووپ بەرەو ئەو ناوچە ئازادکراوانە دەچوون، لەهەمانکاتدا خەڵکێکی زۆریش بەمەبەستی "تاڵانیی"و دەستکەوتنی کەلوپەلی بەجێماوی سەربازەکانی رژێم دەچوونە ئەو ناوچانە.

لە یەکێک لەو رۆژانەدا قافڵەیەکی پاسەوانەکانی (تاڵەبانی) سکرتێری یەکێتی نیشتمانی، لەبەغدای پایەتەختەوە بەرێگەی عزێمدا کە ماوەیەک بە (رێگەی مەرگ) ناسرابوو بەرەو سلێمانی دەگەڕانەوە، لەوکاتەدا ٣ گەنج کە خەڵکی کفری دەبن کە وەک برای یەکێکیان دەیگێڕێتەوە "نازانم بۆ تاڵانیو شرەخۆریی رۆیشتبوون یان بۆ شتی تر"، تەقە لەو قافڵەیە دەکەنو لە ئەنجامدا ئەفسەرێکی پلەبەرز لەو قافڵە پاسەوانانە پێوە دەبێتو گیان لەدەست دەدات، ئیدی ئەو ٣ گەنجە "لەلایەن ئەو پاسەوانانەی تاڵەبانییەوە دەستگیردەکرێن تائێستاش بێ سەروشوێنن".

"کوڕەکەی منو دوو کەسی تر بوونەو چەکیان پێبووە لە٢٠٠٣/٤/١٢وە لەماڵ چووەتە دەرەوەو لەرێگەی عوزێم کە نازانم بۆ تاڵانی چووە یان شتی تر، دەڵێن گوایە پاسەوانی تاڵەبانیان کوشتووەو ئەوانیش گرتوویانەو لەو کاتەوە براوە هیچ هەواڵێکیان نییە". ئەمە وتەی شازاد ئیبراهیم حەسەن دایکی سالار نەجات حەسەنە کە یەکێکە لەو ٣ گەنجە. دایکی سالار دڵنیا نییە لەوەی کوڕەکەی بۆ کوێ براوە، بەڵام دەڵێت "وەک بیستومانە ئەڵێن بردوویانن بۆ قەڵاچوالان".

هەرلەوکاتەوەو تائێستاش کەسوکاری ئەو سێ گەنجە بێ سەروشوێنکراوە، هیچ هەواڵێکی کوڕەکانیان نییە، دایکی سالار دەڵێت "ئەوەندەی پرسیارمان کردوە دەڵێن ماون، ئیتر نازانم تا چەند راستە". سەبارەت بەوەی کە ئایا سەردانی هیچ بەرپرسێکیان کردووە تاوەکوو هەواڵێکیان دەست بکەوێت شازاد دەڵێت "جارێک بەرپرسێکی یەکێتی وتبووی ماون، خۆشم جارێک چوومە لای ئاواتی شێخ جەناب وتی منداڵەکانتان ماون، بەڵام بۆتان نییە بیانبینن، جارێکی تریش گوڵاڵەخانی مافی مرۆڤ پێی وتوم تەنها بە بینینی مام جەلال دەتوانن هەواڵێکتان بۆ یەکلایی ببێتەوە".

دایکی سالار بەچاوی پڕلە فرمێسکەوە باسی لەوە کرد کە هیچ شتێک هێندەی چاوەڕوانی کوشندە نییە، وتی "هەموو شەوێک خەوی پێوەدەبینم، دڵمان دەرهات لەچاوەڕوانیدا، هەر هەواڵێکیان هەبێ کێشە نییە جا بە مردووی بێت یاخود بە زیندویی".

دایکی سالار لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش بێ هیوا بوو، بە جۆرێک گومانی لە دڵسۆزی کاری ئەو رێکخراوانەش هەیە دەڵێت "چەندین جار مافی مرۆڤ ناوو موالیدەکەیان لێوەرگرتووین، کەچی هیچ سوودی نەبووەو نییە، نازانم کامەیە مافی مرۆڤ؟" دایکی ئەو گەنجە ئاماژە بەوەش دەکات کە تاوەکوو ئێستا کوڕەکەیان نەک نەدراوەتە دادگا، بەڵکو هەر بێسەروشوێنیشە بۆیە وتی "داواکارم ئەگەر ماون، بیاندەنە دادگا".

یەکێکی تر لەو گەنجە بێ سەروشوێنکراوانە ناوی رێبوار جومعەیە. جەمشیر جومعە برای رێبوار بەم جۆرە باس لەو رووداوە دەکات کە بەسەر برکەیدا هاتووە: "براکەمو ئەو گەنجە کە چووبوونە دەشتی عوزێم، ئیتر نازانم بۆ تاڵانی رۆشتبوو یان بۆ شتی تر، لەوێ بەهەڵە تەقەیان لەپاسەوانەکانی مام جەلال کردبوو، پاسەوانێکیان شەهید کردبوو، بە دڵنیاییەوە نەیانزانیبوو ئەوانە پاسەوانی تاڵەبانین، ئیتر لەو کاتەوە کە دەستگیرکراون تائێستاش بێسەرو شوێنن".

تەنها داواکاریی جەمشیر لەئێستادا زانینی چارەنوسی براکەیەتی، ئەو دەڵێت "ئەگەر تاوانبارن با دادگاییان بکەن، ئەگەر ئەوەش ناکەن با هەر هەواڵێکیان بزانین، چونکە ئێستا نازانین لەژیاندا ماون یان مردوون.

یەکێک لەکەسوکاری ئەو دوو کەسەکەی تر رۆیشتوونەتە لای زۆر بەرپرس، لەوانە عومەر فەتاح، هەموویان ئەڵێن مام جەلال خۆی دەزانێتو پەیوەستە بەوەوە".

هەر بۆیە جەمشیر گەیشتۆتە ئەو بڕوایە کە بەتەنها مام جەلال دەتوانێ هەواڵێکی راستی ئەو کوڕەیان پێبدات "داواکارین لەمام جەلال بە مانو نەمان هەواڵێکمان بداتێ، راست ئەو گەنجانە هەڵەیان کردوە، بەڵام خۆنابێت هەر بێ سەروشوێن بکرێن، گەر ماون با چیتر بە نهێنی نەهێڵرێنەوە بیاندەنە دەست دەدگا ئەو کاتە ئێمەش لە چاوەڕوانی رزگارمان دەبێت".

بەپێی وتەی شەکەرە محەمەد، ننەکی رێبوار هەر ئەو کاتە پاسەوانەکانی مام جەلال بە چاوبەستراوی کوڕەکەیانیان بردوونەتە کەرکوکو لەوێشەوە بۆ سلێمانی، ئەو دەڵێت "ئەگەر ئەمەریکییەکان نەبوونایە رەنگە ئەو کاتە بیانکوشتنایە".

کەسوکاری یەکێک لەو سێ گەنجە ئامادە نەبوون نە لێدوان بدەنو نە ناوی کوڕەکەشیان لەو راپۆرتەدا بهێنرێ. لە بەدواداچوونی ئەم کێشەیەدا ئاوێنە پەیوندی بە بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش، حاکم قادر حەمە جان کرد، بەڵام ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردوە کە هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەو رووداوە نییە "هیچ زانیارییەکەم لەسەر ئەو حاڵەتە نییە، چونکە لەسەردەمی مندا نەبوو، ئێستاش دەڵێم کە لەهیچ شوێنێکدا زیندانی نهێنیمان نییە".

چاودێرێکی مافەکانی مرۆڤ بەئاوێنەی راگەیاند راستە ئەو گەنجانە تاوانبارن بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێت دەوڵەتی یاسا دروست بکەین دەبێت ئەم جۆرە کێشانە لەرێگای دادگاوە چارەسەر بکرێت، نەک بێسەروشوێنکردن، چارەنوسی ئەو گەنجانەش بۆ کەسو کاریان دیاربکرایە.





رێبوار جومعەو سالار نەجات، ئەو دوو گەنجەی تەقەیان لەتاڵەبانی کردو بێسەروشوێنن

# پەرلەمانی دارا دو،داری دی...

■ قادر نادر

پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی، بڕیاری پەسەندکردنی دەستوریدا، بەمەش سەرەتای دەستپێکردنی یارییەکە (هەڵمەتی هەڵبژاردن) شەڕی نێوان بەرەی "نەخێر"ی دەستور لەگەڵ "بەڵێ"کان قوڵترو خەستتر کردەوە، کە ئەگەر بەتێپەڕاندنی دەستور لەپەرلەمان، گۆڵێکی گەورەیان لەبەرەی ئۆپۆزسیۆن کرد، بەڵام ئەمە سەرەتای یارییەکەیە نە وەک کۆتایەکەی! کە لێرەدا ناتوانین ئاماژە بە بێهەلوێستی ٤ حیزبەکە، وەک درێژەدان بەمیتۆدی کۆنیان نەکەینو نەڵێین هیشتا زۆرتان ماوە لەبەرامبەر ئازارەکانی گەل، خاوەن هەڵوێست بن. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەگەر بەسەردانکردنیان بۆسەرگۆڕی جەلادی برا کوردەکانمان (خومەینی)، گۆڵیکی سیاسییان لەخۆ کرد. ئەوا بە سەرەتای (دژە دەستورو کۆتاییەکەشی بەڵێ بۆی) گۆڵێکیتران لە خۆ کرد.

بەتایبەتی لەچرکەساتێکی زۆر هەستیار، بێ باوەڕی خەڵکتان توشی خۆکرد!. ئای چ سەیرە دوێنی ئەندامە یاساییەکەی کۆمەڵی ئیسلامی بەیان دژ بە دەستور دەردەکا، ئەمڕۆش دەستە راستەکەی بۆ بەرزدەکاتەوە! ئەگەر یەکگرتوو و کۆمەڵ بە بەرتیلدانی ٢ خاڵی ئیسلام، رەخنەکانیان لەسەر دەستور، وەک هەڵم بوو بەبوخار. ئەی قادر عەزیزو حەمەی حاجی مەحمود، بەکام بڕگەی سۆسیالستی وا بێدەنگ کران!؟ یان ئەونمونەیە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی تازە ٢ پارتی خۆ بە چەپزان، دەبنە پاشکۆی ٢ حیزبی ئیسلامی؟ ئەمە باس لەو لیستو قەوارە سیاسییانەی تر ناکەین، گەرچی بەرنامەکەیان پڕە لە وشەی بریقەدارە، بەڵام بەردەوام لەهەڵویستە چارەنوسازەکان زەلیلانە رەفتار دەکەن.

سۆزان شەهاب دەڵێت، ئێمە ٧٥٪ی کاری پەرلەمانیمان جێبەجێکردوە. راست دەکات، بەڵام کام کار، ئازارەکانی خەڵک، یان مەسەلە لاوەکییەکان!؟.

هەربۆیە چەند پرسیارێک لەم دادە پەرلەمانە دەکەینو دەڵێین لە ٤ ساڵی تەمەنی پەرلەمانی هەڵوێستتان چیبوو، لە تەنینی سوپایەک بەرپرسی گەندەڵ لەناو دەسەڵاتو نەبوونی یاسا بەسەر بەرپرسو زیندانیکردنی ٣٠ ساڵی کەمالی سەید قادرو دۆڕان یان ئاستەمی وەرگرتنەوەی نیوەی خاکی کوردستان، بەبنەماڵەکردنی حیزبو حکومەت، رۆشن نەبوونی بودجەو، بوونی سوپایەک فایلدارو ئەنفالچی لەناو جوتێ حیزبی خۆبەنەتەوەییزانو ئازادکردنی تاریق رەمەزانو پارێزەربوونی بۆسوڵتان هاشمو پێشوازیکردنی دەیان ئەنفالچی لە دیوەخانی سەرۆکە پلەیەکەکانو تیرۆری دەیان هەزار ژنو نەبوونی خزمەتگوزاریی بۆ ناوچە قوربانییەکان، دەیانو سەدان پێشێلکاریی مافی مرۆڤ.... بۆ هەموو ئەمانە کامتان رۆڵتان با بژی سەرۆکو حیزب نەبوو!؟ لەچرکەساتی کۆتایی تەمەنی ئەندامێتیشتان، لەبری ئەوەی گۆڵێک بە دەنگو دەستەکانیان بۆ خۆتانو گەل تۆماربکەن، گێژاوو کێشەیەکیان بۆ بەجێهێشتین، کە ئاستەمە لەڕوودانی هەر تەنگەژەو کێشەیەک، پەنجەی تاوانتان بۆنەکێشین.

ئەو دەستورەی ساڵێک لەمەوبەر برگەو بەندەکانی لەراگەیاندن بڵاوکرایەوە، لەبری جوانکردنو رێزگرتن بەسەرنجی پسپۆڕە یاساییەکان، بەقازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆیان رەفتار کردوە!؟ لەوەش گاڵتەجاڕتر هەراجکردنی دەستورە بەپێی بەرژەوەندییە سیاسییەکان، لەنمونە بۆ رازیکردنی دڵی ئیسلامییەکان، بەندێکی ئیسلامییان خستەناوی!؟ ئەم هەڵوێستەش جگە لەسوکایەتیو گاڵتەکردن بەنەتەوەیەک چ مانایەکی تر دەگەیەنێت؟ پرسیاری هەمولایەکیشمان ئەوەیە ٤ ساڵ دەستور لەپەرلەمان تێنەپەڕی، خێرە وابە پەلەپەلو دوای وادەی بەسەرچووتان، دەیخەنە دەنگدانو زۆرترین ئەندامی پەرلەمان ئامادەی دانیشتنەکە دەبێت!؟

ناشتوانین هەڕەشەکەی بارزانی لە یاریگای وەرزشی هەولێر (دەستور دەبێتە چقڵی چاوی ناحەزانو دوژمنان) پێچەوانەی زمانە نەرمونیانەکەی دیداری رۆژنامەنووسان هەڵنەسەنگێنین! هەروەک پەیمانەکەشی لە رێزگرتن لە رای خەڵکو داکۆکی لەرۆژنامەنوسان، بەدەستی پۆلێک ئەندامی حیزبەکەی لەزاخۆ، بەسوتانی گۆڤاری لڤین، خستۆیەتیە بەردەم مەحەکی وتەو کردار؟

دڵنیاشم هەندێ پەرلەمانتار بە دەنگدانیان بۆ تێپەڕاندنی دەستوردا ئێستا لەگەڵ ویژدانیان لەململانێدانو هەست بەخۆیان دەکەن رۆڵی کۆیلە دەبینن، کە زنجیری دەستیان موچە ملیۆن دینارەکەی بریمەرەو زنجیرەکانی پێشیان ئۆتۆمبیلی مۆنیکاو و شوقەی زەکەریایە.

بەکورتی هەر لەسەر فەتاحەکەی پەرلەمان تا قفلدانەکەی، لەگەڵ ڕیزم بۆ چەند ئەندام پەرلەمانێک زۆرینەی دارا دوو داری دی مەکتەب سیاسییە زەردو سەوزەکەی دەوتەوە.

## کورتە هەواڵی کوردستان

### دژی هاتنی سوپای عێراق خەڵکی مەخمور خۆپیشاندانێکیان سازکرد

هەولێر، ئاوێنە: سەرلەبەیانی ٦/٢٩ خەڵکی شارۆچکەی مەخمورو دەوروبەری، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بارەگای هێزی هاوپەیمانان سازکرد، کە لە ناو بارەگای سوپای عێراقدان. ئەو خۆپیشاندانەش بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین بوو بەرامبەر هاتنی سوپای عێراق بۆ شارۆچکەکەو ناحیەکانی دەوروبەری.

لە پەیوەندییەکدا قایمقامی قەزای مەخمور، بارزان سەید کاکە رایگەیاند "ئەو هێزە بە فەرمانی وەزیری بەرگریی عێراق هاتوون بۆ عەملیات لەپارێزگای موسڵ، ئەو هێزەش لە رێگای کەرکوکەوە بۆ ناحیەی سەرگەران هاتوون، بەڵام خەڵکەکە رێیان پێنەداون داخڵی ناوچەکە ببن".

هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە ناوچەکەیان ئارامەو پێویست بەوە ناکات سوپای تر بێن بۆ ناوچەکە "لە ماوەی دوو رۆژی رابردوو نیگەرانییەکی زۆر لەلایەن خەڵک دروست بوو بەهۆی هاتنی ئەو سوپایە، چونکە خەڵک لە پەککەوتنی مادەی ١٤٠ دەترسنو پێشیانوایە هاتنی ئەو سوپایە رەوشی ئەمنی ناوچەکە تێکدەدات. ئێمەش پشتگیریی لە خەڵکی خۆمانو ناوچەکە دەکەینو داوا لە حکومەتی ناوەندیی عێراق دەکەین بیر لەو پرسە بکاتەوەو ئاڵۆزی دروست نەکات، چونکە ناوچەکە پێویستی بە هێزی تر نییە".

### ١٠٤ هاوڵاتی بریندار دەبن

هەولێر، ئاوێنە: بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر، موحسین شەمزین زراری رایگەیاند لە ماوەی هەفتەیەکدا بەهۆی رووداوی هاتوچۆ (٤١) هاوڵاتی بریندار بوونو سێ کەسیش گیانیان لە دەستداوە. هەروەها بەهۆی شەڕکردنەوە لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا ٦٣ هاوڵاتی بریندار بوون.

### تەرمی دوو ئافرەت دەدۆزرێتەوە

کەرکوک، ئاوێنە: سەرچاوەیەک لەئاسایشی دوزخورماتوو رۆژی ٦/٢٤ ئاشکرایکرد کە هێزەکانی پۆلیسی قەزای دوزخورماتوو" رۆژی ٦/٢٣ تەرمی ژنێکی سکپڕیان دۆزیوەتەوە کە تەمی ٢٠ ساڵان دەبێت".

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆئەوەکرد دوای پشکنینی تەرمەکە دەرکەوتووە ژنەکە سکی پڕەو کۆرپەیەکی لەسکدایە کە تەمەنی چوار مانگ دەبێت.

سەرچاوەکە وتیشی "تەرمەکە فیشەکێک بەسەرییەوە بووەو یەکێکی تر لەسەر دڵی دراوە"، هەروەها تیشکی خستە سەر ئەوەی کە تەرمەکە رەوانەی یەکەی دادی پزیشکی کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کەس خۆی نەکردووە بەخاوەنی.

هەروەها شایەتحاڵێک لەگەڕەکی جولەکانی شاری سلێمانی رایگەیاند سەرلەبەیانی ٦/٢٨ بەرامبەر بەنزینخانەی هەڵوێست لەشەقامی شەست مەتری شاری سلێمانی ژنێکی تەمەن ٥٠ بۆ ٦٠ ساڵان دۆزراوەتەوە کە نیوەی جەستەی سوتابوو.

شایەتحاڵەکە وتی "ئەو ژنە لەشەقامی شەست مەتری لەپشت کانی مەولانە لەچۆڵەوانییەکی جولەکان دۆزرایەوە"، هەروەها وتیشی "ئەوانەی کە بەهانای ژنەکەوە رۆشتبوون لێیان پرسیبوو ئەم رووداوە چۆن روویدا؟ ئەگەرچی هەناسەی تیادا مابوو، بەڵام نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە".

شایەتحاڵەکە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە تەلەفون بۆ ئیسعاف کرا لەماوەی چارەکێکدا گەیشتنە سەریو بەرەو نەخۆشخانە گواستیانەوە.

هاواری بەشمەینەتان
عەلی مەحمود
دوو هەفتە جارێک دەینوسێت



# گەڕاینەوە سەر خێڵ و هانا بردن بۆ لەهجەکان

- فەرهاد سەنگاوی سیدییەکی نوێ بڵاودەکاتەوە تیایدا داوای قلبڕکردنی گەندەڵی دەکات، من داوای لێدەکەم با سەرەتا دوکانی ئەو هەژارانەی سلێمانی بداتەوە ئەوجا سیدی دژ بە گەندەڵی بڵاوبکاتەوە، قەیناکا زەوییە تەجاوزەکەی فیرعەوناوای کەرکوکیش بە ٤٠٠ مەترەکەی تەلەفزیۆنیشەوە لەگەڵ ..... وەک شیری بەر دایکی حەڵاڵی بێت.
- ئێران کونسوڵییە لە نەجەف دەکاتەوە. زیادە مەسرەف لە دیندا حەرامە، ئەی ئەو بەرپرسو وەزیر و پارلەمانتارە عێراقییانەی ئەم هەموو دەنگەیان داوە بە ئەحمەد نەژاد کاریان چییە لە نەجەف؟ دیارە پێیان کەمەو هێشتا بەدڵیان نییە؟ .
- دلاوەری حاجی عوسمان لە ٢٢ پاسەوانەکەی ٧ی گەڕاندەوە ریزی حکومەت. باشە ئەم برا ریفۆرمو گۆڕانخوازە کە کەس ناوی نەبیستووە ٢٢ پاسەوانی هەبووبێت، کەواتە ئەوانەی مەکتەبی سیاسی ناهەقیان نەبووە قافڵەی حیمایەی دوایان بە سەعات تەواو نەبێت.
- رۆژنامەی خەبات "بۆ پتر ئاسایشو ئاشتی دەنگ بدە بە لیستی کوردستانی". ئەرێ بە راستانە ئاسایشو ئاشتی بەرقەرارە، ئەی چارەنووسی ٥٠٠ هاوڵاتی شوێن بزربوو و سەدان تیرۆرکراوی رۆژهەڵات؟ وەڵا وایە زیندانەکانی ئاکرێو قەڵاچوالان شایەدە.
- مالیکی بڕیاریدا بریندارانی هەڵەبجە رەوانەی دەرەوە بکات. هێشتا هیچ نەکراوە کەس نەکەوێتە چەپڵە، چونکە زۆر قەولی وا دراو جێبەجێنەکرا. باشە سەردانی هەڵەبجەو گەرمیان بۆ دەسەڵاتداران ئەوەندە گران بوو، وا کرا بە بانگەشەی هەڵبژاردن.
- زەنگ "ئاسایشی خۆراک لە گەرمیان هەڕەشەی لەسەرە". ئەگەر وایە هانا بۆ باخەکەی وەزیری ئەوقاف ببەنو دەست بکەن بە گەڵا خوارد. لەگەرمیان لەو سەوزاییە زیاتر شک نابەین، برا ئاسایشی سەرو ماڵ هەیە تا ئاسایشی خۆراک ببێت؟ بایەعی مسۆگەر بێت ئاسایشی خۆراکمان ناوێت.
- "١٣٠ ئەفسەر لەبەر ئەوەی بڕوانامەیان لە خوار ناوەندییەوەیە، بۆیە لامان داون". ئەگەر بڕوانامەیان نییە بۆ وەرتانگرتون؟ ئەم هەموو فەرماندەو ئامر لیواو سەرکردەی پاش ناو وەستاو فیتەرو زێڕنگەر و.. سوپای کوردستان دەڵێی بازاڕی دەلاڵخانەیە.
- محەمەد مەلا قادر "ئومێد دەکەین مام جەلال لە ئایندەش سەرۆک کۆمار بێت". دوعایەکی باشە مەنفی بکەن با کوردستان هەر بۆ خۆتان بێت.
- پارتی نەتەوەیی هەورامی ئازاد دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدات. خوا خوامان بوو لە هەرکیو سورچی ڕزگارمان بێت، هەورامیو سۆرانی جیاوازییان نەمێنێت، گەڕاینەوە سەر خێڵو هانابردن بۆ لەهجەکان، بەخوا هەورامییش ئینشقاقی تێکەوت، هەر ماوە کڵاشی پەڕۆینی کۆپی بێتە بازاڕەوە.
- هەڵەبجە ئێوەی بە دنیا ناساند، ئەوە حکوومەت هیچی نەکرد، خۆ ئێوە دەتانتوانی دوومنداڵی بەخێو بکەنو جار جارە وەک ڕەفعەت هەڵەبجەیی دوو فلس بۆ بریندارێک کۆبکەنەوە، یان وەک مامۆستا ئازاد حەمدی کتێبخانەیەک، وەک ئەبو تەحسین لینگە پێڵاوێکی پێشکەش بکەن، هەڵەبجە هەمیشە دەخیلەی سیاسییەکانە.
- نەوشیروان مستەفا: وێنەی من بڵاومەکەنەوە. برا گۆرانیەکەی گۆڕان سەرەتا بوو، بۆ لە گۆرانییەکە خۆت بێدەنگ کردو فزەت نەکرد؟ ئەمەشیان ریکلامە بۆ هەڵبژاردن، دەنا هەموو کورد مامەو کاکەیەک لە ناخیدایە.
- ستاندارد "چوار حیزبەکە داوایان لە بارزانی کردووە هیچ یاسایەک دەرنەچێت ناکۆک بێت بە بنەماکانی ئیسلام". پێش ئەوەی دەستووری گەل وا رێکبخەن هەر چوارلاتان بەرنامەی حیزبەکانتان لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام رێکبخەن، ئەوجا داوای وا بکەن. خۆ کاک قادر عەزیز کامپینی دەستووری عەلمانی واژۆ کردووە، دیارە ئەوەی لە بیرچووە!